

# د. ئەبوبەکر خۆشناو

(١٩٥٦-٢٠١١)

**پێشمەرگە..**

**تفەنگ..**

**شۆڕش..**

**چیا**

تایبەت بە چلەی ماتەمینی ڕەوانشاد هەڤاڵی سەرکردە

(د. ئەبوبەکر خۆشناو)

هەولێر ٢٠١١/٩/٧

به سەرپەرشتی
(حەمید ئەبوبەکر بەدرخان)، (نەوزاد رەسوڵ) ئامادەکراوە

ئەم نامیلکەیە بە هاوکاری راگەیاندنی مەڵبەندی ٣ی
رێکخستنی هەولێری (ی.ن.ک) و مەڵبەندی رێکخستنی
پێشمەرگە ئامادەکراوە
هەولێر ٢٠١١



(د. ئەبوبەکر خۆشناو) ١٩٥٦ – ٢٠١١



## د. ئەبوبەکر عەبدوڵڵا حەسەن (ئەبوبەکر خۆشناو)

لەدایکبووی: ١٩٥٦/ شەقڵاوە
دەستپێک: ١٩٧٤
خوێندن: دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی، بەناونیشانی لێکچوون و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران و نیمایۆشیج لە ساڵی ٢٠٠٧ زانکۆی سلێمانی هەروەها ماستەریشی لە زمانی کوردی بە ناونیشانی(شیعری بەرەنگاری کوردی لە ساڵی/١٩٧٥-١٩٩١)/ کۆلیجی زمان/ زانکۆی سلێمانی/٢٠٠١.وەرگرتووە.



چاپکراوەکانی:
- کۆلۆمبس کیشوەرێکی تر ئەدۆزێتەوە، شیعر، هەولێر ١٩٧٦.
- گیڤارای شۆرشگێر، وەرگێران لە عەرەبییەوە، کتێبخانەی

خۆماڵی هەولێر، چاپخانەی ئەسـعەد، بەغداد ١٩٧٨.

– تووڕەیی شاخەکان، شیعر، ١٩٨٦.

– سرووودی بەرەنگاری، شیعر، ١٩٨٧.

– کۆمۆنـی پاریس، مێژوو، چ١، ١٩٨٩، چ٢، ٢٠٠٢.

– تۆرانچێتی، مێژوو، وەرگێڕان، ١٩٩٦.

– خەناوکەیـەک بـۆ سـەر مینـازی مـن، سلێمانی ١٩٩٨.

– کۆمـاری مهابـاد، مێـژوو، وەرگێـڕان، سلێمانی ١٩٩٨.

– سـەبری ئاگریـن، ڕۆمـان، وەرگێـڕان، سلێمانی ١٩٩٨.


– بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە، ڕۆمان، وەرگێڕان، سلێمانی ١٩٩٨.


– ڕاپەڕینی شـێخ سەعیدی پیران، سلێمانی ١٩٩٩.

– کورد و کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩.


















- کیمیاگەر، سلێمانی ١٩٩٩.
- ئازادی، دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی، سلێمانی ١٩٩٩.
- کۆمەڵی مەدەنی، سلێمانی ٢٠٠٠.
- شۆڕشی ئاگری داغ، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٠.
- رۆڵی روناکبیر، چ١، ٢٠٠٠، چ٢، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠١.
- ئاوورا، سلێمانی ٢٠٠١.
- پارتیزانەکانی لیڤانتیا، سلێمانی ٢٠٠١.
- دیموکراسی و مافی مرۆڤ، سلێمانی ٢٠٠٢.
- قوربانی، سلێمانی ٢٠٠٢.
- شیعری بەرەنگاری کوردی، لێکۆڵینەوە، سلێمانی ٢٠٠٢.















- مێژووی ڕێنیسانس، مێژوو، سلێمانی ٢٠٠٢.
- مانگ روخسار، ئەفسانەی هیندی، سلێمانی ٢٠٠٢.
- ململانێ و گۆڕانکاریی ڕێکخراوەیی، سلێمانی ٢٠٠٢.
- مێژووی هاوچەرخی کورد، مێژوو، سلێمانی ٢٠٠٢، چ٢، سلێمانی ٢٠٠٥
- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، وەرگێڕان، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی(ی. ن. ک)/کتێبی روناکبیری، چاپخانەی روون، سلێمانی ٢٠٠٢، چ٢، بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،، هەولێر٢٠٠٧.
- دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، وەرگێڕان، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی(ی. ن. ک)/کتێبی روناکبیری، چاپخانەی روون، سلێمانی


















.٢٠٠٢
–حوجەتتوڵڵائەیوبی، ئەحمەد نەقیب زادە، دنیس کاواناک، هەڵبژاردن شێوە و تایبەتمەندییەکانی، وەرگێـڕان، کتێبـی رووناکبیـری، چاپخانەی روون، سلێمانی ٢٠٠٣.
– میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی، سلێمانی ٢٠٠٣.
– کوردســتانی بەرئاگردان، مێژوو، ســلێمانی ٢٠٠٤.
– ریفۆرم، مێژوو، سلێمانی ٢٠٠٤.
– ئەحمەد خان ئەبوبەکر، خەناوکەیەک بۆ سەر میناز، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، خانەی وەرگێڕاان، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٠٤.
– دەنیـس کاڤانـاک، ململانێـی هەڵبـاردن، وەرگێڕان لە فارسییەوە، کتێبی رووناکبیری، چاپخانەی روون، سلێمانی ٢٠٠٥.
– تورک و تورکچێتی، سلێمانی .
–دامەزراندنی ئەمریکا و دەستوورەکەی، سلێمانی.
























- ســـەفەرنامەی هێنری بێندەر (کوردســـتان، میزۆپۆتامیا، ئێران)، وەرگێڕان لە فارسییەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێـڕان، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٠٦.
- ئارنۆلـد توینبی، جینۆســایدی ئەرمەنییان، وەزارەتی رۆشنبیری، وەرگێڕان لە فارسییەوە، چاپخانەی روون، چ١، سلێمانی ٢٠٠٨.
- لۆرانــس پیرین، شــیعر چییــە، وەرگێڕان، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی ٢٠٠٨.










– لێکچوون و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای گۆران و نیمایۆشـــیج، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٨.

– لـــە رۆژی ٢٠١١/٧/٢٧ بـــە نەخۆشـــییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد.

**تێبینی**: **چەندین کتێبی دیکەشی بەچاپگەیاندووە.**


**ئەم بابەتە، لـــە ژمارە (١٥٤)ی هەفتەنامەی بەدرخان -ی رۆژی ٢٠١١/٤/٢٢ بڵاوکراوەتـــەوە، لەهەمان کات لە بەشـــی هەشتەمی ئینسکلۆپیدیای هەولێر لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.**



















## سێ پارچە شیعری بڵاونەکراوەی ڕەوانشاد
## (د. ئەبوبەکر خۆشناو)

**عەبدولواحید ئیدریس شەریف**



کەمـــن ئەو مرۆڤانەی لـــە چەندان بوار جێ پەنجەیان دیارە و ڕۆڵی پـــڕ لەداهێنـــان دەبینن، ئەبوبەکر خۆشـــناو ئەو مرۆڤە بەخشـــندە و کەســـایەتییە هەگبە پڕ و لێبڕاوەی کاروانی ڕووە و خۆری ئازادی کوردستانە، کەزۆر بەبێ دەنگی بەڵام بە شەونخونی و بێداری دوێنێ لەگەڵوشـــە بێ باکەکانی ســـەنگەری بەرەنگاری و ئەمڕۆش گەڕانی بێ وچان بە دوای مێژووی شـــێواوی گەلەکەمان ڕۆژی کردۆتەوە، خۆشناوی نەمر ئەو پیاوەی هەڵگری چەندان ناونیشانە.

**ئەبوبەکری شۆڕشگێڕ:**
کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستی شاری هەولێر گەواهی شۆڕشگێڕی و چاونەترسی خۆشناو دەدەن لە خوێندنگا و کۆڕ وکۆبونەوەکان.

**ئەبوبەکری شاعیر:**
شیعری بەرەنگاری ڕۆژە سەختەکانی نیشتیمان و ئەو سێ شیعرەی لێرەش بڵاوی دەکەینەوە پێمان دەڵێن شاعیری بەرەنگاری و سەنگەری گەل بوو.

**ئەبوبەکری پێشمەرگە:**
پێشمەرگەیەک کە هەموو خەون و هیوای تەنیا ئازادی و سەربەخۆیی کوردبوو، هەربۆیەش هەوراز ونسکۆکان لە شۆڕشیان دانەبڕی تامەرگ لە ئێمەی دابڕی.

**ئەبوبەکری نوسەر و وەرگێڕ:**
ئەو وەک مرۆڤێکی ئاشنا بە خەمەکانی نیشتیمان، دەیزانی قۆناغەکان چی لێ دەخوازن، هەربۆیەش، بەشێکی کاتەکانی ئەم سەردەمەی بەخشیە وەرگێڕانی ئەو پەیڤانەی لەسەر کورد نووسراون و تائێستاش کورد نەیدیوە.

**ئەبوبەکری ئەکادیمی:**
لەم بوارەشدا ڕۆڵی زانستخوازانەی خۆی هێندە بە بەرزی خستە ڕوو، کە وەڵامێکی جوانی ئەو کەسانەی پێ دایەوە کە بەچاوی مرۆڤێکی پەراوێز لە پێشمەرگە دەڕوانن.

من لێرەدا کۆتایی بە وشەکانم دێنم و وتارەکە و سێ شیعرەکەی شاعیر و پێشمەرگە د. ئەبوبەکر خۆشناو دەخەمە بەرچاوی ئێوەی خوێنەری بەڕێز کە لە یادی ٩ساڵەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ

لــە ئاهەنگێکــی خنجیلانەی گونــدی (مورتکە)ی دەشــتی هەولێر لە ســاڵی ١٩٨٤ بێشکەشــی کردووە کەماوەی (٢٧) ساڵە کاسێتی ئەم ئاهەنگە لای من پارێزراوە.

**تێبینی**:/
د. ئەبوبەکر خۆشــناو لە ساڵی ١٩٥٦ لە هەولێر - شەقڵاوە لەدایک بووە، پلەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی وەرگرتووە، بە نەخۆشییەکی کوشندە لە رۆژی ٢٠١١/٧/٢٧ کۆچی دوایی کرد.

## وتاری یەکێتی نوسەرانی کوردستان و سێ شیعری د.ئەبوبەکر خۆشناو لە ساڵی ١٩٨٤  لە گوندی مورتکە خوێندراوەتەوە

یەکەم: پێشمەرگە
دووەم: تفەنگ
سێیەم: شۆڕش
چوارەم: چیا



تا پێشــمەرگە تفەنگی شۆڕشــی لەملابێ و پاڵ بە چیابدا، تا خەڵکی زەحمەتێکێش پشتگیری
بکەن، ئەم وڵاتە سەر بڵندە، ئەم خەڵکەش ئازادە.
ئەوانەی رووباری هیواکانمان بە دەریای ڕزگاری دەگەینن، ئەوانەی لە شاخەکان بەرزترن
پێشــمەرگەکان، تەنیا پێشــمەرگە، تەنیا تفەنگ پارێزگاری ئەم خاکە

دەکەن.
بەناوی قەڵەمە ئازاو بوێرەکان..
بەناوی ئەو قەڵەمە شۆڕشگێرانەی لەبەردەم ئەهریمەنەکان چۆکیان دانەدا بەناوی ئەو قەڵەمانەی لە پاڵ چیا دان لەگەڵ پێشــمەرگەدان، لەناو خەڵکدان پیرۆزبایتان لێدەکەین پیرۆزبایی وشـــەی شۆڕشگێڕ و بوێر پیرۆزبایی شۆڕش لە ئێوە لە خۆمان، لە خەلک، لە پێشمەرگە سڵاوی شۆڕش.

**شیعری یەکەم:**

**هەڵبژێرن**

ئەی ئەوانەی لەگەڵ گورگ
لاشە دەخۆن و بۆ سبەی
لەگەڵ شوان شین دەگێڕن
ئەی ئەوانەی
لە ڕۆژی مەرگی سەربەستی
پێ دەکەنن
لە هاتنەوەی هەتاویشدا
شایی دەکەن
هەڵبژێرن ئەی بورژوا بەڕێزەکان
یان سەربەستی
یان مل کەچی هەتامردن
یان ئاڵایەک لە خوێن سورتر
یان سەر شۆڕتر
هەڵبژێرن ئەی بورژاو بەڕێزەکان
سێبەر،هەتاو، ڕەش یان سپی



توانەوەی بەبێ دەنگی
یان ڕاپەرینی یەکجاری
پلە و پایە لە ژێر سێبەری سوڵتانا
یان بە ئازادی شەهید بوون
لە پێناوی ڕەنجبەرانا
هەڵبژێرن ئەی بورژوا بەڕێزەکان
دواجارە

**شیعری دووەم:**

**سروودی بەرەنگاری**

سەردەمێک بوو ڕەشە بایەک
هەڵیدەکرد
بەگوڕ دەهات و
شاباڵی لە چیاو بەندەکان دەدا
باڵی ڕەشی بەسەر دەشتەکان دادەدا
ڕەشەبا هات
درەختی پیری کەناری
لەگەڵ تەوژم ڕاپێچا
ئەی درەختە زەلامەکە



بۆ چیاو ڕووبارت بە جێ هێشت
بۆ هەڵاتی
بۆ لێ گەڕای
دەستگیرانە بریندارەکەت
بە دیل بگرن، بۆ هەڵاتی
ئێمەی جۆگا دەڕۆین دەڕۆین
تا بە ڕووباری خوێنی شەهیدانمان دەگەین
پێیان دەڵێین:
ڕەشە بایە و هاشەی زریان
گوندەکانمان دەتاسێنێ
دیسان هەمان ڕەشەبایە
ئەو ڕەشەبایەی ئەوێ ساڵ
درەختی پیری ڕاپێچا
دیسان هەمان ڕەشەبایە
بەڵام ئێمە خۆ بەفر نین
لەبەر هەتاو بتوێینەوە
تەم نین هەتا چێشتەنگاوان
بۆ سەر لوتکەکان هەڵکشێین
ڕووباریش نین سەر بەرەو خوار
ملمان نابێ و
پێمان نەکرێ بگەڕێینەوە سەرچاوەکان
دارەبەنین لەبەردەم ڕەشەبادا
گوللەین لەوەرامی ستەم



لوتکەین لە دژی زریان
پێشمەرگەشین بۆ وڵاتێ
کە کاروانی تێکۆشانی
لە ڕێگایە و
نەلورەی سەگ دەیوستێنێ
نە تیرۆری فاشستەکان
سەری بەرزی دادەنوێنێ

**شیعری سێیەم:**

**زمان**


ئاگر بە دەست لە ڕەزێ نزیک دەبنەوە
درەختەکان هاوار دەکەن
بێگانەکان لە زمانی درەخت ناگەن
کە فەرمانی
کوشتنی جوتیارێک دەدەن
ژنەکەی دەپاڕێتەوە
بێگانەکان
مانای بەزەیی نازانن
کە ئابلۆقەی شارێک دەدەن
منداڵەکان زراو ڕژاو
دەزیرێنن



له زمانی منداڵ ناگەن
ڕیش سپیەکان پەنا دەبەنەلای خوا
ئەوان ڕێزی خودا ناگرن
ژنەکانیش بە کوڵ دەگرین
هەتا لە گریانیش ناگەن
بێگانەکان
لە زمانی ئاشتی و برایەتی ناگەن
تەنیا زمانێ تێیدەگەن
پێشمەرگەیە
ئەویش تفەنگە و پارێزگاری
ئەم خاکەیە



**تێبینی:**
**ئـــەم بابەتە بۆ یەکەمجار لە ژمارە (١٥٧-١٥٨)ی هەفتەنامەی بەدرخان لە ٢٠١١/٨/١٥ بڵاوکراوەتەوە.**




بەشێک لە وێنەکانی رەوانشاد (د. ئەبوبەکر خۆشناو)












'98 7 11











1532





د. ئەبوبەکر خۆشناو (١٩٥٦-٢٠١١)